# بەرەی یەکگرتووی کورد و
# پلانی لە بار بردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان

یوسف عەلی پور
Samal_57@msn.com

لە رێکەوتی 2ی ژانوییەی ئەمساڵدا لە شاری تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامی" بەرەی یەکگرتووی کورد" لە لایەن بەهادینی ئەدەبەوە راگەیەندرا. بەر لەوە کە باس لە مەبەست و هۆکاری پێکهاتنی وەها بەرەیەک لە لایەن وەها کەسێکەوە بکەین، خێرا چاوێک بە سەر ئامانجەکانی ئاغای ئەدەب دادەخشێنین با بزانین ئەمجارە چ خەونێکیان بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران بینیوە؟!

ئەوان ئامانجەکانی خۆیان لە پێکهێنانی وەها بەرەیەک لە سێ خاڵدا باس کردوە کە بریتین لە:

1) پەرەدانی دێموکراسی
2) عەداڵەتخوازی لە هەموو بوارەکاندا
3) گەشەی ئازاد و بەرابەر

ئەگەر بێت و کەسێک تەنیا لە رووی ئەو وشە جوانانەوە کە وەکوو ئامانجی بەرەی ناوبراو دیاری کراون قەزاوەتی لە سەر بکات و یان هیوای پێ ببەستێ ئەوا بێگومان بە داخەوە کڵاوێکی گوشاد چۆتە سەری! بەڵام بە خۆشیەوە ئەمڕۆکە خەڵکی کوردستان گەلێک وشیارتر لەوەن و نەک هەر وشە و نوسراوەکانی ئاغای ئەدەب بەڵکوو دێڕە نەنوسراوەکانیشی دەخوێننەوە. هەڵبەت لە حەق نەگوزەرێین کە ئاغای ئەدەب خۆشی لەم بابەتەوە بە باس کردن لە ستراتێژی خۆی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، کاری قەزاوەت کردن و هەڵسەنگاندنی پرۆژەکەی بۆ هەموان ئاسانتر کردۆتەوە. ئاغای ئەدەب بە خەڵکی کوردستان دەڵێ واز لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی تا ئیستاتان بێنن من رێگایەکم دۆزیوەتەوە کە بە هاسانی و هەر لە چوارچێوەی ئەو قانونی ئەساسیە ئیسلامیەی "خۆمانەوە" ئامانجەکانتان وەدی دێت . دێموکراسی و حکومەتی ئیسلامی ناتەبا نین و ئەوەی تا ئێستا بە سەرتان هاتوە لەوانەیە خەون بووبێ! سەرمایەدارێکی میلیاردێری وەکوو منیش دەتوانێ پێوەندییەکی عادڵانەی لە گەڵ خەڵک ی بێبەش و ئەوانەی کە شەوانە بە برسێتی سەر دەنێنەوە هەبێ!

بەڵام ئاغای ئەدەب کوردە و دەیهەوێ ئەو " تایبەتمەندیەی " خۆی لە مەیدانی سیاسەتدا بە کار بێنێ و هەستی مەقام پەرەستی خۆیشی پێدابمرکێنێتەوە. با جارێ لە داخوازی عەداڵەت و بەرابەری کە لە ئامانجەکانی ئەو ئاغایە دا هاتوون و بێ ناوەروک تر لەوەن کە قسەی لە سەر بکرێ، بگەڕێین و بچینە سەر مافی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان کە دەیهەوێ خۆی پێوە هەڵواسێ.

خەبات بۆ دەستەبەر کردنی مافی چارەی خۆنوسین لە کوردستان خەباتێکی بەهێز و بەڵگە نەویستە، مافێک کە بە هەموو شێوەیەک لە خەڵکی ئەم ناوچەیە زەوت کراوە. هەر ئەو بێ مافییەش وەهای لە خەڵکی ئەم ناوچەیە کردوە کە مەیلێکی یەکگرتوو خوازی لە نێوانیاندا و لە بەرامبەر دەوڵەتی مەرکەزی دا هەتا ئاستێکی باڵا بەرز بێتەوە. کۆماری ئیسلامیش بۆ بەرامبەرکێ لە گەڵ ئەم مەیلی یەکگرتوو خوازییەی جەماوەری کوردستان و بۆ دامرکاندنەوە و لە بار بردنی خەباتی بەرحەقی ئەوان،

ڕێگا دەدات ئەم جۆرە پرۆژانە جار و بار سەر هەڵبدەن  تا بەڵکو بەم شێوەیە خۆی لە گڕی بڵێسە سەندووی ئەم خەڵکە دەرباز بکات.
ئاغای ئەدەب لە وتووێژێکدا دەڵێ: "ئێمە دژ بە حکومەت نین و قەتعەن ئەبزاری دەستی حکومەتیش نین"! بەڵام مەگەر دەکرێ و ئەوە ئیمکانی هەیە کە ئەبزاری دەستی حکومەت نەبی بەڵام پێ داکێشانی زیاتر لە بەڕەی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیش بە کارێکی خەلاف بزانی و لە گەڵێشی نەیار بی؟! یاسایەک کە نە لە داڕشتن و نە لە دەستێوەردانیشیدا ئەو خەڵکانەی کە یاساکە بۆ ئەوان داڕێژراوە هیچ دەور و نەقشێکیان نەبوە و زۆربەی هەرە زۆری خاڵەکانی راستەوخۆ دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی ئەو وڵاتە داڕێژراوە.  بەڵام ئاغای بەهادینی ئەدەب بەوەشەوە ناوەستێتەوە و لە شوێنێکدا دەڵێ: " کەمترین کارێک کە ئێمە دەتوانین بیکەین ئەوەیە کە خەڵک بە مافی خۆیان ئاشنا بکەین"! بەڵام سەرەتاییترین مافی خەڵک دەبێ چی بێ بێجگە لە وەی کە بتوانن خۆیان بە دەستی خۆیان چارەنوسیان دیاری بکەن؟! مافی خەڵک دەبێ چی بێ بێجگە لە ئازادی و بەرابەری لە سەرجەم بوارەکاندا بۆ هەموان، مافی خەڵک دەبێ چی بێ بێجگە لە رادەربڕینی ئازاد لە کەش و هەوایەکی ئازاد دا و ... تاد.
ئەوانەی کە باسکران بەشێکن لە مافی مسۆگەری هەموو کەسێک. بەڵام خۆ ئاغای ئەدەب کە بۆ خۆی ئەوانە بە باشی دەزانێ و لە وەش واوەتر ئەوەش باشتر دەزانێ کە یاسا دواکەوتوەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ هەر چەشنە مافێکی ئازاد و دێموکراتیک دژایەتی هەیە، ئیجازەی چالاکی سیاسی بە نەیارانی خۆی نادات، وەڵامی نەیارانی بە کوشتن و زیندان و ئەشکەنجە دەداتەوە، چۆنە کە لە چوارچێوەی هەر ئەو یاسایەدا دەیهەوێ و دەڵێ کە کەمترین کارمان ئەوەیە کە خەڵک بە مافی خۆیان ئاشنا بکەین و ئیدعای ئەوەش دەکات کە ئەبزاری دەستی حکومەتیش نین؟!
ئاغای بەهادینی ئەدەب لە شوێنێکی تردا و بە هەموو توانای خۆیەوە رەخنە لە کۆماری ئیسلامی دەگرێ و دەڵێ: " بێجگە لە سەردەمێکی سنوردار تەنانەت ئیزنی بەڕێوەبردنی شارەکانیش بە کوردەکان نەدراوە" !
زۆر سەیرە ئاغای ئەدەبی کورد زمان بەو بیر و بۆچوونەیەوە و بەو سەری رێز و نەوازش دانەواندنەی بۆ کۆماری ئیسلامی و یاسا کۆن و داڕزیوەکانی ئەو نیزامە، ئەگەر ئیزنی بەڕێوەبردنی کوردستانی پێ بسپێردرێ چ تاجە گوڵێک لە سەری خەڵکی ئەم ناوچەیە دەدات کە کەسێکی تورک زمان یان فارس زمان و هتد، هەر بەو بیر و بۆچوونەوە نەیانتوانیوە ئەو تاجە گوڵینە بنێنە سەر سەری؟! کەسێک کە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی قەبوڵ بێت و جەختیش لە سەر ئەوە بکاتەوە کە دەبێ هەر لەو چوارچێوەیەدا هەنگاو هەڵبگرێتەوە، ئیتر باسکردن لەو شتانە بێجگە لە  فریوکاری دەبێ چی بێ؟!
بێگومان خەڵکی وشیار و شۆڕشگێر لە کوردستان کە لە گەڵ هەموو نەخشە و پلانەکانی کۆماری ئیسلامی دەست و پەنجەیان نەرم کردوە و تاڵی و سوێریان لە هەمبەر دەستەبەر کردنی مافەکانیاندا چێشتوە، لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە نە تەنیا مافەکانیان لە چوارچێوەی ئەو یاسایەدا وەدی نایەت، بەڵکو ئەو یاسایە خۆی گەورەترین کۆسپی سەر رێگای وەدیهاتنی سەرەتاییترین مافێکی ئینسانییە. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان ئەوەشیان سەلماندوە کە رزگاری ئەوان لە ئاکامی خەباتی راستەوخۆی جەماوەر دایە. خەباتێک کە کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی لە بیری لە بار بردن و بە لاڕێ دا بردنی دان.